**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٤٣١ لـە ٢٠٢٥/٧/٢**

**بـڕیـاری ساڵی ٢٠٢٥**

ئامـاژە بە بریـاری ئەنجـومەنی دادوەری ژمـارە (٤٠) لە ٢٠٢٥/٦/٢٩ وە لەسـەر داوای بەڕێـوەبەرایەتی کاروباری دارایی نامەڵبەندی دیوانی ئەنجومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاردرا بە:

١- کـردنەوەی هـۆبەی (داهـات) لە بەڕێـوەبەرایەتی کاروبـاری دارایـی نامەڵبەنـدی/ بەشـی ژمێریـاری دیوان.

٢- ئەم بڕیـــارە جێبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕۆژی دەرچـــوونیەوە ، وە لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٤٣٢ لـە ٢٠٢٥/٧/٢**

**بـڕیـاری ساڵی ٢٠٢٥**

ئاماژە بە نووسراوی ئەنجـومەنی وەزیـران/ سـەرۆکایەتی دیـوان/ فەرمـانگەی کاروبـاری کـارگێری و دارایی ژمـارە (٥٧٨١) لە ٢٠٢٥/٥/١٣ وە نووسـراوی وەزارەتـی داد/ بەڕێـوەبەرایەتی کاروبـاری یاسـایی ژمارە (١٩١٤/٢٠) لە ٢٠٢٥/٤/٣٠، وە ڕێنماییمان ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٢٥ سـەبارەت بە جـێ بەجـێ کردنـی یاسـای راسـتاندنی واژۆکـانی سـەر دۆکیومێنـت و بەڵگەنامەکـان ژمـارە (٥٢)ی سـاڵی ١٩٧٠ تـایبەت بەدۆکیومێنـت و بەڵگەنامەکـان لە دادگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئەم مەبەسـتە ئەنجـومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاریدا بە:

١- کردنەوەی بەشی (ڕاستاندن بۆ دۆکیومێنت و بەڵگەنامەکان) لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە دیوانی ئەنجومەنی دادوەری.

٢- ئەم بڕیـــارە جێبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕۆژی دەرچـــوونیەوە ، وە لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**